**The Social Democratic Party of Kurdistan**

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)

# پیرۆز بێت مافی مرۆڤ له كوردستان

## یادی شەستهەمینی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ

یەكەم ساڵانی داگیركردنی ئەمەریكا لەلایەن ئورووپیەكانەوە گرووپێكی سپێپێستی بەریتانییایی لە یەكێك لە زستانە سەختەكانی ئەمەریكادا دەكەونە بەر ڕەشەبا و بەفرانبارێكی زۆر و ڕێگا ون دەكەن. لە دوا چركەكانی رەقبوونەوەیانادا چەند كەسێكی سوورپێست كە خەریكی راووشكار دەبن دەیانبینن و دەیانبەنەوە بۆ ماڵێ و پاش چەند ڕۆژێك خزمەت هەم بەفر و سەرما كەم دەكات و هەم ئەمانیش دێنەوە سەر خۆیان. سپێپێستەكان پەلەیانە پڕۆن چونكە دەشترسێن و كاریشیان زۆرە، كابرای سەرۆكی سوورپێست بە ئیشارەت پێیان دەڵێت: ئێوەش هەر لە مرۆڤی خودا دەكەن، ماڵتان لە كوێیە؟

ئینگلیزەكانیش چەناگەیان بە ئاسماندا بڵند دەكەن و دوور دەستیان فڕی دەدەن و دەڵێن ئا لەو دوورەوە لەو بەر ئاوەكە هاتووین. كابرای سوورپێست دەڵێت: ئای لە من نەكەون چەند ڕێگاتان دوورە، ئادەی خواردنی زیاتریان پێ بدەن با بەشیان بكات.

ئەو وا دەزانێت ئینگلیزەكان رووەو ماڵی خۆیان بۆ ئینگلستان دەگەڕێنەوە.

ئەوە ڕاستیەكی تاڵی داگیركردنە. داگیركار بۆ ئەوە نەهاتووە بگەڕێتەوە!

لە ڕاستیدا هاوواتای هەمیشە برەودار بۆ "داگیركار" دەتوانێت وشەی وەكوو "دز، جەردە، تاڵانكار" و هتاد بێت. داگیركار دزە، بە پلەی یەك بۆ ئەوە دێت تا ئەو دەمەی پێی دەكرێت و بۆی دەلوێت بدزێت و بخوات و ببات. ئەڵبەت لە درێژخایانی مانەوەیدا جێی خۆی خۆش دەكات و وردە وردە بە پشوو و بە خۆشگوزەرانیی خۆی را دێت. تا مێژووی داگیركەریی درێژتر بێتەوە مەترسی داڕزان و پەرێشانیی لە نەتەوەی بندەستدا زیاتر دەبێت. نەتەوەی بندەست بە منداڵێك دەچێت كە هێندە دەگری پاش ماوەیەك لە درێژایی گریانەكەیدا لە بیری دەچێتەوە بۆچی دەگری. لەبەرئەوەیە لە نەتەوەی ژێردەستەدا ئامانجەكان كاڵ دەبنەوە و دەگۆردرێن، پاش ماوەیەك هەر چۆن منداڵێك تا زیاتر بگری بە كەمتر ژیر دەبێتەوە، هەروەها لای ئەم خواست و ئارەزوو و هیوا نەتەوەییەكان دەشوبهێندرێن بە "بەردی زل" كە هەڵگرتنیان نیشانەی نەهاویشتنی دەبێت. بەو شێوەیە خەڵكانێك لە نەتەوەی بندەستدا پەیدا دەبن كە سووكایەتی بە خۆیان و بە نەتەوەكەیان دەكەن.

Bankkonto: **310-7679** **info@psdkurdistan.org**

**www.psdkurdistan.org**

نەوام شاومسکی، خەباتگێری بلیمەت و لینگویستی پایەبەرز، لە سەرەتای نەوەدەکاندا کتێبێکی بە ناوی "501 ساڵ، هێشتا داگیرکردنەکە بەردەوامە 501 and the Conquest is Still Continue" خستە بەردەست خوێنەرانی خۆی. خوێنەر تێ دەگات کە نەوام شاومسکی مەبەستی لە داگیرکردنی ئەمەریکای لاتینە لەلایەن ئورووپپیەکانەوە. لەوێدا مێژوویەك دەبینین باس لە خاكێك دەكات ئەوی لیی نەبێت مافی مرۆڤە. وڵاتی داگیرکراو هەمیشە لە ژنێکی لە شەڕدا گیراو دەچێت. ژن بێ ئەوەی لە شەڕێکیشدا بەشدار بوویێت دەستدرێژیی دەکردرێتە سەر، چونکە ژن هەمیشە بە خاك دەشوبهێندرێت. ژن دایکی نەتەوەیە، لەبەرئەوە وا پێ دەچێت دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئەو تامی دەستدرێژیکردن بۆ سەر هەموو ئەوانەی دیکە بدات کە دەست نایانگاتێ.

ژن بە هەوەسی پیاوانەی پیاوسالاریی دەکێلرێت و خاکیش بە بۆمب.

داگیرکەریی ڕووخسارێکی گرینگی پیاوسالارییە و نەزمێکی گرینگە بۆ بە پێوەهێشتنەوەی پیاوسالاریی و باوکسالاریی و نەتەوەسالاریی.

خاکی داگیرکراویش هەروەکوو ژنی لە شەڕدا بە بارمتەگیراو لە دەستێکەوە دەدرێت بە دەستێکی دیکە. ئورووپپیەکان یەك بە یەك و یەك لە دوای یەك دەستدرێژیان دەکردە سەر ئەو خاکانە.

کتێبەکەی نەوام شاومسکی مێژووی داگیرکراویی کوردستان دەهێنێتەوە یاد. شەش ساڵێکی دیکە کوردستان پێ دەنێتە 500 ساڵی لەتبوون و دابەشکردن و داگیرکردنەوە. کوردستان لە نێو دوو ئیمپراتۆردا بەش کرا. لەو کاتەوە مێژووی کوردستان مێژووی بارمتەبوونە، مێژووی بە تاڵانبردن و کوشتن و پرینە. مێژووی نەفرەتلێکردن و گاڵتەپێکردن و سووکایەتیپێکردن و بە کەم دانانە. کوردستان ژنێکی دەستدرێژیی بۆ سەر کراوە کە لە تاوانی دەستدرێژیکارانیدا سەنگەسار دەکرێت.

کوردستان نموونەیەکی بەرچاوی مێژووی داگیرکردن و زەوتکردنە، مێژووی هی خۆنەبوون و بۆ خۆنەبوونە.

نەوام شاومسکی دەگێڕێتەوە کە کاتێك ئەلێکساندەری مەکدۆنی لە دەریای مەزندا چەتەیەکی دەریا دەگرێت فرە لێی توورە دەبێت و بە سەریدا هەڵدەشاخێت: کورە، نەنگ نییە دزی دەکەیت؟

ئەویش دەڵێت قوربان من بە بەلەمێکی بچووك ئەو کارە دەکەم پێم دەڵێن دز، تۆ بە بەلەمێکی گەورە، بە پاپۆڕێك، ئەو کارە دەکەیت پێت دەڵێن ئیمپراتۆر.

کەواتە جیاوازیەکی بەرچاوی داگیرکەریی و دزی ئاسایی بریتیە لە دزینێکی زۆر، دزینێك کە هەموو سامانێکی سەرزەوی و بنزەوی بگرێتەوە، دزیەك کە هێزی کاری نەتەوەیەك، توانا و تاقەت و وزەیان بگرێتەوە، دزیەك کە تەنانەت ناشهێڵێت جووتێك کەوشی نەدڕاویان لە پادا بێت، دزیەك کە هەمیشە نەتەوەی سەردەست دەزانێت چەند و چی لە گیرفانی نەتەوەی بندەستدا هەیە.

پێوەندیەکە پێوەندیەکی دەستەلاتە لە نێوان داگیرکار و داگیرکراودا. داگیرکراو بێ خاکە، بێ لانەیە، بێ یانەیە، بی سەرمایەیە، بێ خوێندن و بێ خۆراك و بێ داودەرمان و بێ ئامرازی هاتن و چوون و پێوەندییگرتنە.

لەو پێوەندیە دەستەڵاتەدا نەتەوەی بندەست قاچاخە لە دەست کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا کە ناتوانێت پێڕەویان بکات چونکە بەرەو مەرگی دەبەن، بەڵام کە پێڕەونەکردنیشیان دووچاری چەرمەسەریی دەکات. نەتەوەی سەردەست بە ناگوێڕایەڵ، بێوەفا، دواکەوتوو، کێوی و هتاد نەتەوەی بندەست دەچوێنێت. هاوکات کە دزیی و تاڵانیی و کوشتن و پرین و سەنگەسار کە خۆی دەیکات دیار نییە.

لە وڵاتی نیوزەلەندا و ئوسترالیا و دوورگەکانی دیکەی ئەو ناوە ئەو ئەبۆرگینیانەی ماون لە بەدمەستییدا گۆرانی بە مێژووی دووکەڵ لێهەستاویاندا دەچڕن. مەرگ لە بەردەمیاندا سەمایان بۆ دەکات. تەنانەت خودی ڕۆیشتن و پیادەڕۆیی خۆیان لە سەمای ناحەزی مەرگ دەچێت. مەرگ وا دوورە دەست نییە کە لە لوولەی تانك و لە بۆمبی ژێربالی فڕۆکەیەك و لە قەرەوڵی تفەنگێکی دووربیندارەوە بکشێت، مەرگ ئیدی خۆی بە لاق و دەست و دەفەی شاندا هەڵدەواسێت. بندەستی خۆی لە خۆیدا دۆخی مەرگە.

بندەستیی دۆخێکی نامرۆڤیانەیە چونکە تەنها بە تەسلیمبوونی بێ نرکە رازی دەبێت.

کورد لە کوردستان لە پرۆسەیەکی داگیرکراوییدا هێدی هێدی چەك کرا. چەك لە مانای تفەنگدا نا، چەك لە مانای زەوتکردنی خاك، پیشە، سامان، وزە و توانا و تاقەت و خواست و ویستدا.

داگیرکەریی هێندەی درێژایی تەمەنی خۆی نەتەوەی بندەست لە دەستەڵات دوور دەکاتەوە. نەتەوەی لە مێژە بندەست، فرە دوور لە دەستەڵاتە! ئەوانەی کە کوردی کوردستانیین هەست بە دووریی دەستەڵاتی سیاسیی دەکەن.

کاتێك بە پێی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ بڕووانین دەبینین ژیان، سەربەستیی، ئازادی دەربڕین، یەکسانیی لەبەردەم دادگادا، مافگەلی کۆمەلایەتیی، کولتوریی و ئابووریی، مافی خۆراك، کار و خوێندن، مافی هەبوونی

ئایین و ئاینزا، مافی خۆپاراستن و هتاد نه هەر لە کوردستان، لە ژێر سایەی سی ساڵەی کۆماری ئیسلامیی دواکەوتوو و وەحشی ئێران، بەرقەرار نییە، بەڵکو پێچەوانەکەی لە ئارادایە.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەمنستی ئینتەرناسیونال گرتنی گۆترەیی، لە زیندان هاویشتن و هێشتنەوە و لێدان و کوتان و ئازاردان و سووکایەتی پێکردن لە ئێران کاری ڕۆژانەیە. لە ئێران زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان مرۆڤی تیادا لە سێدارە دەدرێت. تەمەن و جنس تا ئێستا گرفتی تایبەتی نەبوون. بۆ نموونە ئێستا ئێران تەنها وڵاتێکی دونیایە کە بە ئاشکرا منداڵ لە سێدارە بدات. ساڵی ٢٠٠٧ لانی کەم هەشت منداڵ لە سێدارە دراون. پاش غولام ڕەزا حوسەین کە لە ٢٠٠٨/١٠/٢٩ لە سێدارە درا نازانرێت چەند منداڵ لە سێدارە دراون، بەڵام پێ ناچێت ئەو دوا منداڵ بێت. کاتێك بەهمەن زارە ـ یان لە ٢٠٠٨/٨/٢٦ دا لە سێدارە دا تەمەنی ١٥ ساڵ بوو.

کێشەی ژن ڕەنگە پاش تاڵیبانەکان لە ئێران هەرە خراپترین بێت. هەموو شێوەیەکی سووکایەتی پێکردن، مامەڵەی کرین و فرۆشیی بۆم کاری سێکس، جلوبەرگ و مافی شایەتی دان و میراتی و هتاد تا سەنگەسار کردن کاری ڕۆژانەی لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. مافی مرۆڤ لە ئێران هێند لە خوارەوەیە کە کەسی وەکوو ئایەتوڵا سەید حوسەین کازمیانیش دەهاوێژرێتە زیندانی ئەوینەوە.

تاوانی لەلایەکەوە هەڵگرتنی هەموو مافێکی مرۆڤ و لە لایەکی دیکەوە دەستدرێژیی گەورە و بەرچاو بۆ سەر مرۆڤ لە کوردستان لە هەر شوێنێکی دیکەی ئێران خراپترە. لە کوردستان فرۆشتنی مەوادی بێهۆشکار و مەی بەشێکە لە کاری ڕێکخراوی دەوڵەت، دوورخستنەوەی لاوان لە خوێندن و لە کار و ناچارکردنیان بۆ جێهێشتنی کوردستان، زێدەکردنی فشاری ئابووریی، کەمکردنەوەی ئەلەتریك و ئاو و خۆراك سیاسەتی ئاشکرای ڕژێمە بۆ فشاربۆهێنانی بە ئەنقەست بۆ سەر کورد.

قوربانیانی جەنگی جیهانیی دووهەم و هەوڵدانی ئەڵمانیای نازی بۆ بەکۆمەڵکوشتنی جوولەکە و قەرەچی (کاراچی) و گرووپی خانەوادەی سۆسیالیستیی و ئاشتیخوازان و دیموکراتخوازان گەیشتە ترۆپکی بێتامیی. لە دامێنی ئەو کوشتن و برین وماڵوێرانیەوە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ

**Universal Declaration of Human Rights** لە دایکبوو. ئەو جاڕنامەیە کە ساڵی ١٩٤٨ پەسەند کرا ڕێککەوتنامە یاخود بانگەوازیی گرێبەستیی نییە، بەڵکو تەنها جاڕنامەیەکی ڕەووشتیی سیاسییە. ئەو دەوڵەتەی نەیهەوێت دەتوانێت بە ئیسراحەتی خۆی شانی بۆ هەڵبتەکێنێت. یاخود دەتوانێت بە شانوباڵای مرۆڤپەروەریی خۆیدا شاباش بکات.

لەم ماوەیەدا ئێران بە توندی ڕەخنەی لە فەڕەنسا گرت کە فشار بۆ سەر موسڵمانان دەهێنێت و هاوکات خۆیشی بە یەکێك لە گەورەترین پارێزەرانی مافی مرۆڤ دانا. لە بیرمان نەچێت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، خۆیان ئەندام و لایەنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەکتەری ئەو جۆرە جاڕنامانەن.

دیارە هەر ئەو کاتە کەسانی وەکوو ئیلیانەر ڕۆسڤێلت لە ساڵی ١٩٤٩ دا ئەو مەترسییەی دەزانی، هەر بۆیە بە ئارەزووەوە دەڵێت "لە ئاییندەدا ڕەنگە [ئەم جاڕنامەیە] ببێت بە ماگنا کارتا (ڕێککەوتننامەی مەزن) ـی نێونەتەوەیی". کەواتە هێشتا زۆری ماوە ئەو جاڕنامەیە دەرمانی دەردی کوردستانیان بکات، هەرچەندە بە پێی بانگەوازی ناوبراو بە بانگەوازی ڤیەنا ساڵی ١٩٩٣ ئەم جاڕنامەیە لە ڕووی پراکتیکەوە زۆر پێش خراوە، لەوانە لەسەر نەهێشتنی هەڵاواردنی رەگەزیی کە دیارە کوردیش دەگرێتەوە، جونکە جۆرێك لە چەوساندنەوەی کورد چەوساندنەوەیەکی ڕەگەزپەرستیانەیە، نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە ژنان و بە منداڵان و هەرواش مەسەلەی ئەشکەنجە و ئازاردان.

قسەی تێدا نییە کە جۆرەکانی ئازادیی ئەگەرچی بەرسنوور و کەمیش بن لە قازانجی مرۆڤدان و ئێمە وەکوو پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) دەست بە ڕووی هیچ جۆرە هەنگاوێکی باشەوە نانێین، بەڵام پێمان وایە سەبارەت بە مافی نەتەوەیی دەرمانی راستەقینەی گەلی کورد لە ئازادی نەتەوەییایەتی. کورد دەبێت ببێت بە خاوەنی دەوڵەتێك لە سەر خاکی خۆی.

هاوکات و هاوشانی خەباتی ئازادیخوازانەی رزگاریی نەتەوەیی ئەرکی سەرشانی ئێمە و هەموو ئەوانەیە کە لەگەڵ پرۆگرامی سیاسیی ئێمەدان، بۆ هەموو ئەو مافانە تێبکۆشن و تەڵاش بکەن کە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا هەیە و هەموو ئەو ئازادیانەیش کە هەر ئێستا لە ئورووپا تەنانەت کڵێساکانیش دژایەتی ناکەن، لەوانە ئازادی تاکەکەس بۆ هەڵبژاردنی شێوە و

هاوسەر لە تاکەکەسی هاوجنس، ئازادی جنسگۆڕین، ناسنامە و هاوولاتییبوون و سەفەر و نیشتەجێبوون و هتاد،

ئێمەی سۆسیالدیموکراتی کوردستانیی پێمان وایە ڕەگی دەستدرێژیکردن لە کوردستان بە پلەی یەك پێوەندی بە هەبوونی دەستەڵاتێکی داگیرکارەوە هەیە کە ئیمکانی گۆڕانکاریی بناخەیی نییە تا ئەو نەزمە لە ڕەگوریشە دەرنەکێشرێت. بە واتایەکی دیکە ئامرازی دەوڵەتی ئێران بۆ بە ژێردەستەهێشتنەوەی گەلی کورد، واتا هێزی سوپا و پاسدار و پۆلیس و ئیتلاعات و هتاد، دەبێت کوردستان بەجێبهێڵێت.

هەنگاوی یەکەمی فەراهەمکردنی گۆڕەپانێك بۆ بەرقەرارکردنی بەندەکانی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و جۆرەکانی دیکەی ئازادیی تاکەکەس ئەوەیە کە دەستەڵاتی سیاسیی بکەوێتەوە دەستی کورد، و خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئازاددا نوێنەری سیاسیی خۆیان بۆ حکومەتی دیموکراتیك و پلورالیست دیاری بکەن.

لە ژێر سایە و سێبەری دەستەڵاتی داگیرکاردا ئیمکانی بچکۆلەترین فەراهەمکردنی مافی مرۆڤ نییە، چونکە داگیرکار لە جارنامەی گەردوونییەوە بۆ مافی مرۆڤ پێ هەڵناگرێت، بەڵکو لە پاپۆرە گەورەکەی خۆیەوە لە سامانی تاڵانیی دەڕووانێت.

ئەمە پرینسیپێکی گەورەی خەباتی ئازادیخوازییە و ناکرێت لە گەرمایی جێژنگرتنی ساڵیادی ئەو جاڕنامەیەدا سەرمان لێبشێوێت و فەرامۆشی بکەین لەگەڵ کێدا تەرەفین.

ئەڵبەت، خەباتی ئێمەی سۆسیالدیموکراتانی کوردستانیی، بە دەرکردن و ڕاونانی دەستەڵاتی داگیرکار ناگاتە کۆتایی. خەباتی ئێمە خەباتە بۆ مرۆڤایەتیەکی سەربەرز و شاناز و ئازاد و خۆبەخێوکەر، مرۆڤایەتیەك کە لە ڕاگرتنی پرینسیپی پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن و هاوکاریکردن و هاوژینی و هاوپێرییدا خۆگەڕ و هەستیار بێت.

ئەوە بەشێکە لە خەباتی درێژخایانی ئێستایی و ئاییندەییمان.

لەبەرئەوە لە ٦٠ هەمین ساڵوەگەڕی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا نەفرەت لە پێنجسەد ساڵەی ژێردەستەیی کورد و کوردستان دەکەین و داوا لە

# The Social Democratic Party of Kurdistan

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)

ئازادیخوازان دەکەین لە ژێر دروشمی "هێزی داگیرکاری ئێران لە کوردستان بۆ دەرەوە" کۆ بینەوە.

داگیرکار ناتوانێت ماف بدات ئەگەر جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ پێبنێتە هەزار ساڵەشیەوە. ماف، ڕێز، خۆشەویستیی، یەکترقبووڵکردن و لایەنە گرینگەکانی دیکەی ژیان دەبێت لەسەر بناخەیەکی ڕێککەوتنامەییدا بێت لەسەر مافی هەموو لایەك بۆ ژیان بە ئازادیی.

دیارە بە خۆشیەوە هاوار دەکەین:

بە پیت و فەڕ بێت جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ وا کە کوردستانیش بگرێتەوە.

هێزی داگیرکاری ئێران لە کوردستان بۆ دەرەوە!

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٨/١٢/١١